# ئەگەرەكانی بەردەم پێكهێنانی حكومەتی عێراقی و سەرنجێكی خێرا؟

**نوسینی: تەها سلێمان**
tahasleman17@yahoo.com

هەموومان شایەتحاڵی هەڵبژاردنی ڕۆژی 15/ 2006/12 عێراق بووین و بەشی زۆریشمان بەشداریمان تێدا كرد، پرسیارو لێكدانەوە و بۆچوونی جۆراوجۆر پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن زۆر بوون ، وەك چۆن ئێستالەسەر پێكهێنانی حكوومەت و شێوەو چۆنێتی لیستەبراوەكانی هەڵبژاردن قسەی زۆر هەیە و پێش ناچێ بەسانایی حكومەت پێك بهێنرێ . هەڵبژاردنی 12/15 جگە لەلایەنە پۆزەتیفەكانی چەندین لایەنی نیگەتیفی لێكەوتەوە، لەسەرووی هەموویانەوە بەرجەستەكردن و چەسپاندنی بیری ئاینی و تائفی وخەستبوونەوەی ململانێكانی نێوان شیعەو سوونەو دەركەوتنی بیری تەسكیپان عەرەبیزم. یاری كردن لەناوئاوها هاوكێشەیەكدا، تابڵێی ئاستەنگاوی و پڕوكێنەرە، چونكە خەڵكی لەچین و توێژەكان تەنها هەرێمی كوردستانی لێبەدەربێت ، بەشێوەیەكی مەترسی هێنەر بەسەر هێزی سوونە مەزەب و شیعە مەزەب لەلایەك و لەلایەكەی تریشەوە شۆڤێنییەتی عەرەب دابەشبوون و هێزی چەپ و دیموكراسی خوازو علمانیش هۆكارەكەی هەرچییەك بێت نەیانتوانی بیسەلمێنن ، كەسەنگ و قوورساییەكی ئەوتۆیان لەگۆڕەپانەكەدا هەیە كەسنوور بۆ زیادڕۆیی و ئەو دابەشبوونە دینی و تائفی و بیری تەسكی پان عەرەبیزمە دابنێت، یان با ڕوونتر بێژین هێزی چەپ و دیموكراسیخوازو علمانی نەیانتوانی ئەوەندە متمانە لە دەنگی شەقامی عێراقی بقۆزنەوە، یان هێزی باڵادەست بەهەرئامرازێك بێت نەیهێڵاٚ ئەم هێزە گەمەی ڕاستەقینەی خۆی بكاو دەنگی پێوست و ڕاستەقینەی خۆی بچنێتەوەو بتوانێ ببێتە بەشێكی كاراو یاری كەرێكی جیدی لەپێكهێنانی حكومەت. سەرەڕای ئەوانەش ئێستا ململانێكان بۆپێكهێنانی حكومەت فراوانتر بوون و قوولتر بوون. خوێندنەوەی ئەوهاوكێشەیە زۆر ئاسان نیە ، بەلاٚم ئەمەش مانای ئەوە نیە قسەگەلێكی بابەتی لەئارادانەبن بۆ وتن و زۆرێك لەوقسانەش سەرەنجام نەبنە ئەمری واقیع و پێكهاتەی حكومەتی عێراقی دروست نەكەن.

لێرەوە هەوڵ دەدەم بەشێك لەوئەگەرانە بێنمەوە پێش چاوو قسەیان لەسەر بكەم، وەك : ئایا لیستی هاوپەیمانی كوردستان و لیستی ئیئتلافی عێراقی (شیعە) حكومەت پێك دێنن؟ ئەگەر ئەم دوولیستە حكومەتیان پێك هێنا، پێش مەرجی لیستی هاوپەیمانی كوردستان بۆ ڕێككەوتن لەسەرپێك هێنانی حكومەت لەگەڵ لیستی ئیئتلاف چیە؟ ئایا سەرجەم حزب وڕێكخراوو گروپ و دەستەكانی پێكهێنەری لیستی ئیئتلاف كۆك دەبن لەسەرئەوەی لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی كوردستان ڕێككەون و حكومەت پێك بێنن؟ ئەگەر ئەم دوولیستە نەگەیشتنە ڕێككەوتن ئەگەرەكان بەرەو كوێ دەچێت؟ ئایا لیستی ئیئتلاف لەگەڵ سوونەكان بەتێكڕا ڕێك دەكەوێ و حكومەت پێك دێنێ؟ یان ئایا بەپێچەوانەوە سوونەكان لەگەڵ ئیئتلاف ڕێك دەكەون و حكومەت پێك دێنن؟ لەپاڵ ئەمانەدا ئایا لیستی عێراقی نیشتمانی كاریگەری خۆی دەبێت بۆ گۆڕانكاری لەخەریتەی ئەم هاوكێشەیەدا؟ ئەگەر كۆی پرسیارەكان تێكەڵ كەین و ئەم دووپرسیارە سەرەكیەیی لێ بەرهەم بێت وەك: ئایا لیستی ئیئتلاف و هاوپەیمانی كوردستان سەرەنجام بێ پرس و ڕاوێژی لیستەكانی تر بەتایبەت سوونەكان و لیستی عێراقی نیشتمانی ڕێك دەكەون و حكومەت ڕادەگەیەنن؟ ئەگەر هاوكێشەكە وا شكایەوە سوونەكان و لیستی عێراقی نیشتمانی هەڵویستیان چۆن دەبێ؟ ئەگەری یەكەم كەلەشێوەی پرسیار هێنامانە پێش چاوئەگەر درووست دەر نەچوو بەرجەستەنەبوو، هێزی دووەم لەگۆڕپانەكەدا چی پێ دەكرێ ؟

من كۆی ئەوهاوكێشە و پرسیارانەی سەرەوە كەسەبارەت بە پێكهێنانی حكومەتی نوێی عێراقی هاتنە پێش و هاوكات وەلاٚمیان دەوێ ، بەم شێوەیەیی خوارەوە دەبینم، لیستی ئیئتلافی عێراقی (شیعە) ناتوانێ بەڕێككەوتن لەنێوان باڵەكانی لیستەكەیدا ، گووتارێكی یەكگرتوو بەئاراستەی قازانجی بەرژەوەندییەكانی كوردو داخوازییەكانی لیستی هاوپەیمانی كوردستان بەرهەم بێنێ و بسلمێنێ ، بەڵكو ئەگەری ئەوەهەیە لەئاوها حاڵەتێكدا كەئەگەر لیستی ئیئتلاف بیەوێ لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی كوردستان ڕێك بكەوێ بەسەلماندنی كوردبوون و فیدرالی و كوردستانی بوونی كەركوك، ئەوالیستی ئیئتلاف تووشی جۆرێك لەبەریەك هەڵوەشانەوە دەبێ و سەرلیستی ئەم لەبەریەك هەڵوەشانەوەش تاقمی سەدرو حزبی دەعوە(جەعفەری ) دەبێ و تاڕادەیەك هاوكێشەكە دەگۆڕێ. بۆیە من بەزەحمەتی دەزانم لیستی ئیئتلاف بتوانێ لەگەڵ لیستی هاپەیمانی كوردستان حكومەت پێك بێنێ ، مەگەرلەتەنیا حاڵەتێكدا ئەویش بەشێوەی پیشوو بەپێی پرۆتۆكۆڵێك لەنێوان لیستی ئیئتلاف و هاوپەیمانیدا، كەپێم وایە لەمەشیاندا كورد پێویستی بەزیاتر لەگرنتیەكە لەلایەن سەرانی لیستی ئیئتلافەوە، چونكەئەوەمان بیر نەچێ كەكورد نابێ بەگوومان نەبێت لەهەر قسەو نوسراوو بەڵێنێك لەلایەن شیعەوە ، وەك پێشووتریش بینیمان (جەعفەری)كەنوێنەری ڕاستە قینەی لیستی ئیئتلاف بووبۆوەرگرتنی پۆستی سەرۆكی وەزیران ، تاپۆستەكەی وەرگرت هەموو ئەوانەی كەلەرێك كەوتنەكەدا هاتبوو قابیل بوو بە جێ بە جێبوون، بەلاٚم كەپۆستەكەی وەرگرت بووە گەورەترین ڕێگر لەبەردەم جێبەجێ بوونی ناوەڕۆكی ڕێككەوتنەكەی نێوان ئیئتلاف و هاپەیمانی، بەتایبەت مەسەلەی كەركوك كەهەستیارترین و گرنگترین خاڵی پێكهاتەی ڕێككەوتنەكەی نێوان هەردوولابوو. دەمەوێ ئەوە بڵێم كەمن وای دەبینم لیستی هاوپەیمانی كوردستان پیویستی بەوەنیە زۆر پەلە بكا لەپێكهێنانی حكومەت لەگەڵ لیستی ئیئتلافدا، بەڵكو دەبێت ئەوڕاستیە لەبەرچاوبگرێت كەهاوكێشەی پیشهاتەكان لەبەردەم پێكهێنانی حكومەتدا،

زۆرتر لەهەمووکاتێ لەخزمەتی کوردایە. بۆنموونە ئەگەر کورد پەلە نەکاو خورپسکانە نەچێتە ژێرباری پێکهێنانی حکومەت لەگەڵ لیستی ئیئتلافدا ، دەتوانین بڵێین گەمەیەکی لۆژیکی و بابەتی دەکا ، چۆن؟ لەلایەك پاڵەپەستۆی زیاتر دەکەوێتە سەر ئیئتلاف بۆئەوەی زۆرترو فراوانتر دان بەمافەکانی کوردو ئەو شوێنانەی کە تائێستا کورد لەململانێیەکی توونداپە لەسەریان لەگەڵ لیستی ئیئتلاف و زۆرێك ڕەوتە سیاسیەکانی تری گۆڕەپانی عێراقدا. لەلایەکەی تریشەوە من وای دەبینم تەنانەت ئەگەر حکومەت پێهێنان لەگەڵ لیستی ئیئتلاف بگاتە ڕادەی بنبەستیش دیسان هەر دۆزەکە بۆکورد لەبارتردەبێت، بەڵام بەمەرجێ سەرەداوی گەمە لەناوهاوکێشەدا ون نەکاو بزانێ چۆن پیوستیەکانی دۆزی کوری تەوزیف دەکا. ئەوەتا بینیمان لەهەناوێکی چاوەڕواننەکراودا لیستی تەوافق و حوار وەتەنی و عێراقی نیشتمانی ، بڕیاریان دا ببنە یەك دەنگ لەگفت و گۆکانی پێکهێنانی حکومەتدا. بێگومان ئەم هەنگاوە لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە لیستی ئیئتلافی عێراقی لەهەوڵەکانیدا بەئاشکرا دەیەوێ کۆی هێزە کاراکانی تر بەئاینی و نیشتمانی ودیموکراسیخوازو پێشکەوتن خوازەوە لەپێکهێنانی حکومەت پەراوێزبخا و خوودی خۆی ببێتە دوابڕیاردەر، یان ڕوونتر دوور بخاتەوە و ئەگەریش بەشدارییانی لەحکومەت پێقبووڵ بێت ، ئەوالەسەر بنچینەی ڕێککەوتن و پێویستی نیشتمانی نەبێت، بەڵکوبانگێشتکردنیان بۆ پێکهێنانی حکومەت لەژێر ناونیشانی بەشداری لەحکومەتدا بێت. بۆیە ئەم هەنگاوەی ئەوان(توفق، حوار، عێراقی نیشتمانی) هەرچۆنێ بێت و چەندێ دیدو بۆچونی جیاوازمان لەگەڵیان هەبێ ، ئەکرێ لەزانستی سیاسەتدا بەهەنگاوێکی ژیرانەو گەمەیەکی پێویست بۆواقیعی سیاسی عێراق و پێشهاتەکانی ناوزەد بکرێ، مەرجیش نیە ئەم هەنگاوەی ئەوان تەواو خۆشحاڵمان بکاو پێمان وابێ دەبێت ئێمە لای خۆمانەوە ڕاوەستین و ئەم گەمەیە بابەتی حازر بەدەستمان وێدەدا.بەڵکو دەبێت باشترین و بابەتی ترین یاری ئێمە بیکەین و ئەزموونی ڕابردوومان کەئێجگار ڕەخنەی لەسەرە ، ڕەتکەینەوەو میکانیزم و شێوازی نوێ بۆمامەڵە لەگەڵ هاوکێشەو بابەتەکانی دووتوێی ڕووداوەکان بگرینە بەرو دوورکەوینەوە لەهەڵپەی بێسەرو بەر.

بەگشتی من پێم وایە بەهێزترین ئەگەر ئەوەیە حکومەت بەئاسانی درووست نابێت، کەحکومەتیش بەئسانی درووست نەبوو، پێ ناچێ هیچ یەکێ لەلایەنە جیاجیاکانی کۆمەڵگای عێراقی وەك: سیاسی ، ئابووری، کۆمەڵایەتی ، ڕۆشنبیری ، و هتد سەقامگیری بەخۆیەوە ببینێ . چەندیش هێزو لایەنەسیاسیەکان بێنە مەیدان و پێشرەوایەتی خەڵکی لەچین و توێژەکان بکەن ، هێندە زیاتر دەتوانن لەڕووداوو هاوکێشەکاندا نەخشی پۆزەتیف دیاری بکەن وئەوکاتیش حکومەتیش پیك بێت ،حکومەتێکی کاراو بەتوانا دەبێت لەمواجهەی گرفت و کێشە هەڵواسراوەکانی ناوگۆمەڵگاداو کەسیش ناتوانێ ئەوی تر پەراوێزبخا. ئێستاش وای دەبینم زەنگی ئەگەرەکان مەترسی دارن و ناکرێ کورد وەك بەشێکی گرنگ لەڕووداوەکانی عێراق، بێئاگابێت و لانی کەم بەقەد پێویستیەکانی خۆی ڕۆڵی لەهاوکێشەی گەمەکەدا نەبێت. لەهەمووشیان گرنگ تر ئەوەیە کەکوورد نەبێتە بەشێك لەو دابەشبوونە ئاینی و مەزهەبی و شۆڤێنییە ، بەبێ ئەوەی شووناسی ڕاستەقینەی مەسەلە ڕەواکەی خۆی وون بکاو دووربکەوێتەوە لەبەرجەستەکردن و سەلماندنی بەشێوەیەکی تەندرووست.